**IMIE**

**International Mission for Iraqi Elections**

# تیمی هەڵسنگاندنی سەربە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی

# ڕاپۆرتی کۆتایی

19 کانوونی دووەمی 2006

ئەم ڕاپۆرتە باسی ڕێدان بە تیمی هەڵسنگاندنی سەربە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ جاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی و کارەکانی ,وبریتی یە لە تێبینی یەکانی و ڕاسپاردەکانی .

## 1. پێشەکی :

هەڵبژاردنی 15 کانوونی یەکەمی ڕابردوو / دێسەمبەر, بەشداری کردنی نزیکەی هەموو کۆمەڵەکانی کۆمەڵگای عێرقی گرتەوە . تیمی هەڵسنگاندنی سەربە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ جاودێری کردنی هەڵبژاردنی عێراقی سوپاسی جەماوەری عێراقی دەکات کەدەرکەوت و بەشێوەیەکی بەهێز وبەتوندی لە بەشداری کردنی لە دروست کردنی پاشە ڕۆژی وولاتەکەی دا .بەردەوام بوونی توند وتیژی چەکداران لەزۆربەی ناوچەکانی عێراقدا, هەرەشە لەسەر ئاسایش و ژیانی هاوولاتی دەکات .لەگەڵ ئەم بار ودۆخەشدا ,عێراقی یەکان بەژمارەیەکی زۆر بەشداری یان کرد لە کرداری هەڵبژاردندا, کە ڕێژی بەشداری کردنەکە ڕێژەیەکی بەرز بوو لەچاو زۆربەی دیمۆکراتی یەکان لە ناوچەکانی کە زیاتر ئاسایشی تێدایە لە جیهاندا .

لە 29 کانوونی یەکەم /دیسەمبەر 2005 ,لەئەنجامی مشت ومڕ کردن لەنێوان بەرپرسەکانی وولاتە یەکگرتووەکان و, کۆمسیۆنی بالاّی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ,حکومەتی عێراقی , نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی بڕیاری دا لەسەر دامەزراندنی تیمێکی نێودەوڵەتی لە شارەزاکانی هەڵبژاردن بۆ هەڵسنگاندنی رووی گرنگ لە کرداری هەڵبژاردن کە رووی دا لە 15 کانوونی یەکەم 2005 .ئەم پێشنیارەش بەخێرهاتنێکی زۆری بینی لەلایەن زۆربەی قەوارە سیاسی یە عێراقی یەکان .

ئەم هەنگاوە پاڵپشتێکی تەواوەتی بینی لە بەڕێز کۆفی ئەنان ,ئەمینداری گشتی وولاتە یەکگرتووەکان و بەڕێز عەمرو موسا ئەمینداری گشتی زانکۆی وولاتە عەرەبی یەکان .ولە ئەنجامی مشت و مڕەکانی کە رووی دا لە نێوان هەردوو لادا وداواکاری یەکانی کەپێشکەش کرا لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە قەوارە سیاسی یە عێراقی یەکان و حکومەتی عێراقی ,بەڕێز عەر موسا بڕیاری دا بە ڕێدان بە نوێنەرێکی رادەبەرز لە زانکۆی وولاتە عەرەبی یەکان بە پەیوەندی کردن لە گەڵ ئەندامانی تیمی هەڵسنگاندن کە هاتوون لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوور .ئەندامەکانی

تیمەکە گەیشتنە بەغدا لە ریکەوتی 1 کانوونی دووەم 2006 .ئەتوانین پێداچونەوەکی کورت بکەین لەسەر هەریەك لە ئەندامەکانی تیمەکە لە پاشکۆی (ا) دا.

نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراق( www.imie.ca ) ,دەزگای یەکی نێودەوڵەتی نا حکومی یە . دامەزرا لە 20 کانوونی یەکەم /دیسەمبەر 2004 .لەسەر بناغەی ریکەوتنێك کە پێ ی گەیشتن لە " کۆنفرانسی چاودێری هەڵبژاردنی عێراقی " (کە کرا لە ئەوتاوا ,18-20 کانوونی یەکەم /دیسەمبەر 2004 ) .ونێردراوەکە بریتی یە لە چەند دەزگایێکی بێ لایەن بۆ بەرێوەبردنی هەڵبژاردن لە 10 وولاتی جۆراوجۆر لە جیهاندا و نوێنەرانی زانکۆی وولاتە عەرەبی یەکان کە بەشداری ئەکات وەکو ئەندامێکی چاودێر . وئەم رێپیدانە بریتی یە لە دابین کردنی شارەزاکانی هەڵسنگاندنی کرداری هەڵبژاردن لە عێراق .هەروەها دەزگای هەڵبژاردن لە کەنەدا هەستا بە دامەزراندنی سکرتاریەت بۆ ئەم نێردراوە لە پایتەختی ئەردەنی عەمان ,هەروەکو نوسینگەیەکی هەیە لە پایتەختی عێراقی –بەغدا . بەرێز جان بیار کینغسلی , سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردن لە کەنەدا, هەڵەستێت بە سەرۆکایەتی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی .

تیمی هەڵسنگاندن سوپاسی دەرئەبرێت بەرامبەر کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بۆ هاوکاری کردنی ,ورِوونێتی ,وئامادەبوونی .تیمی هەڵسنگاندن لەو برِوایەدایە کە داواکاری یەکانی کە پێشکەشی کرد بۆ دەسکەوتنی زانیاری یەکان و پێویستی یەکاتی تەواوەتی بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم راپۆرتە ,بوو بو هۆی راست کردنەوەی کاتە تایبەتی یەکانی کۆمسیۆنی باڵا بۆ بلاوکردنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن .تیمی هەڵسنگاندن سوپاسی جەماوەری عێراقی دەکات لەسەر دان بەخۆداگرتنی , هەروەها تیمی هەڵسنگاندن رێزی هەیە بۆ وەڵام دانەوەی نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان ورێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پێزانینی بە پێش نیارەکانیان .

## 2 . ریدان :

دەقی رێدانی تیمەکە هەڵسنگاندنی کردارەکە دوای هەڵبژاردن لەگەڵ ئەوەشدا جێ بەجێ کردنی سکالاکانی هەڵبژاردن بەپێ ی رێژەکانی دیموکراتی نێودەوڵەتی .هەروەها رێدانی تیمەکە بریتی یە لە پێشکەش کردنی ئەنجامەکانی و راسپاردەکانی بۆ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق و حکومەتی عێراقی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی .

## 3 . شێوازی :

شێوازی کاری تیمی هەڵسنگاندن کرا بەپێ ی ئەمانەی خوارەوە :

1- پێداچونەوەی چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردن .
2- گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق .
3- بەدواچوونی گفتوگۆ کردنی ئەنجومەن سەبارەت بە سکالاکانی هەڵبژاردن .
4- گفتوگۆ کردن لەگەڵ فەرمانبەران لە بنکەی سەرەکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق و راوێژکارە نێودەوڵەتی یەکانی کە کاری لەگەڵ ئەکەن .

5- پێداچونەوەی هەندێ بەڵگەنامەکان و ڕاپورتە ناوخۆیەکان کە دەرچووە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵا.
6- پێداچونەوەی هەموو سکاڵاکانی کە تۆمارکراوە لە رژێمی کۆمسیۆندا ,لەگەڵ پشکنینێکی قوڵ بۆ سکاڵاکانی کە کۆمسیۆن کرنگی یەکی زۆری پێداوە و ئەنجومەنی کۆمسیۆن بڕیاری پێداوە .
7- کۆبونەوە لەگەڵ قەوارە سیاسی یەکان بۆ گوی گرتن لە تێروانینەکانیان بەرامبەر کرداری هەڵبژاردن .
8- کۆبونەوە لەگەڵ دەزگاکانی چاودێرە ناوخۆ یەکان و نێودەوڵەتی یەکان .
9- کۆبونەوە لەگەڵ فەرمانبەرەکانی وولاتە یەکگرتووەکان و نوێنەرەکانی گۆمەڵگای نێودەوڵەتی .
10- پێداچونەوەی ڕاپۆرتەکانی پێشوو کەدەرچووە لە لایەن نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی , لەگەڵ هەڵسنگاندنی یەکەمی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی بۆ هەڵبژاردنی 15 کانوونی یەکەمی ڕابردوو.

ئەتوانین پێداچونەوەی ناوی کەسەکان و ڕێکخراوەکان کە تیمی هەڵسنگاندن کە کۆبونەوەی کرد لەگەڵیان لە پاشکۆی (ب) دا .

## 4 . چوارچێوەی یاسایی :

چوارچێوەی یاسایی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ڕێك دەکەوێت لەگەڵ ڕێژەکانی دیموکراتی هەروەکو پێناسە کرا لە لایەن یاسای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان (سەیری پاشکۆی ج بکە ) .کرداری هەڵبژاردن کرا لە ژێر سێبەری دەستوور و یاسای هەڵبژاردنی تازە .وەهەستان بە فەرمایشتەکان بۆ متمانە کردن و ڕاهێنانی مافەکان و سەربەستی یە سیاسی یەکان , و فەرمایشتەکان بەشداری کردنی ئافرەتەکانیشی کرتەوە .

فەرمایشتەکانی هەڵبژاردن و ژماردنی دەنگەکان کە بە پێ ی یاسا داندراوە ڕێك دەکەوێت لەگەڵ ڕاهێنانی دیموکراتی باوەرپێکراو ,جگەلەوەی کە یاسا (هەروەکو لە هەڵبژاردنی پێشوو ) ڕێگای نەدا بە قەوارە سیاسی یەکان بۆ دەست کەوتنیان بە ئەنجامەکانی جیاکردنەوەی دەنگەکان کە بریتی یە لە ژمارەی دەنگەکان .

بۆ فراوان کردنی بەشداری کردنی دیموکراتی , ڕێ درا بە عێراقی یەکانی کە نیشتەجێن لەدەرەوەی وولات بە دەنگدان .هەروەها ڕۆژێکی تایبەت دابین کرا بۆ هەڵبژاردن بۆ گیراوەکان , ونەخۆشەکان لە نەخۆشخانەکان ,و ئەندامەکانی ئاسایش .

و یاساکان داندرا بۆ متمانە کردنی هەموو سەربەسی یە تایبەتەکان بە ڕێك خستنی گەشتەکانی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ڕێگاکانی ڕاگەیاندن ,وەهەروەها یاساکی تێروتەسەل داندرا بۆ هەڵس و کەوتی دەزگاکانی ڕاگەیاندن .هەروەها کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستا بە ئامادەکردن بۆ ئاسان کردنی داپۆشینی ڕاگەیاندن لە کرداری هەڵبژاردندا .

لەکاتی روودانی یەکەم کرداری هەڵبژاردن لە مانگی کانوونی دووەمی 2005 ,رێساکانی تایبەت بە کرداری پێشکەش کردنی سکاڵاکانی هەڵبژاردن گۆڕانکاری یەکی گەشبینی بینی .لەم گۆڕانکاری یانەی تێبین کرا ,کەرێگا درا بە ناردنی سکاڵاکان بە رێگای پۆستەی ئەلکترۆنی یان لە بنکەکانی دەنگدان لە هەمان رۆژی هەڵبژاردندا ,ئەم کارەش بۆ بەهۆی زیادبوونی دراماتیکی پێشکەش کردنی سکاڵاکان. لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەم و کۆڕی یەك هەیە وەکو نەبوونی کاتێکی دیاری کراو بۆ چارەسەرکردنی سکاڵاکان لە لایەن ئەنجومەنی کۆمسیۆنەوە ,و کاتێکی یاسایی دیاری نەکراوە بۆ بلاوکردنەوەی ئەنجامە سەرەکی یەکان و ئەنجامە کۆتایی یەکان .
( سەیری لیستەی یاسا بکە لە باشکۆی "ج" دا ) .

## 5 . قەوارە سیاسی یەکان :

ئەو کارە پاڵپێوەنەرە ئەوەبوو کە قەوارە سیاسی یەکانی بەشداری یان کرد لە هەڵبژاردندا نواندنی بۆ جەماوەری عێراقی زیاتر بوو لە هەڵبژاردنی پێشوو . ئەم قەوارە سیاسی یانە توانیان کە لیستەیەك درووست بکەن لە ژمارەیەك لە هەڵبژێراوەکان و هەستان بە گەشتی هەڵبژاردن لەگەڵ سەختی ئەو باری ئاسایشە ,وەکو کوشتنی ژمارەیەك لە هەڵبژێراوەکان و یارمەتی دەرەکانیان .ئەم قەوارە سیاسی یانە سەرکەوتن لە دامەزراندنی زیاتر لە 230,000 نوێنەری باوەر پێکراو .لەگەڵ ئەوەشدا کەمی رێژەی تەنگ وچەڵەمە لە رۆژی هەڵبژاردندا تا رادەیەك لە بەرهەمی کارکردنی ئەم قەوارە سیاسی یانە بوو .بەلام قەوارە سیاسی یەکان بەرپرسە بەرامبەر ئەو لادانەی کە کاری کردە سەر کرداری هەڵبژاردن .لێرەدا ئەبێت بیربخرێتەوە کە ئیمزاکردن لەسەر پەیمانی هەڵس وکەوت کردن یەکێك بوو لەمەرجەکانی باوەرکردن بە قەوارە سیاسی یەکان .لەزۆربەی کاتدا لەم پەیمانە لایان ئەدا .

## 6 . پەیکەری کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی بۆ هەڵبژاردن لە عێراق و کارەکانی :

کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کرداری هەڵبژاردنی کۆتایی رێکخست کە رووی دا لە 15 کانوونی یەکەمی 2005 ,هەروەکو پێشتریش کە هەستا بە رێکخستنی هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی 2005 , وکرداری دەنگدانی دەستوور کە رووی دا لە تشرینی یەکەمی 2005 .بنکەی سەرەکی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لە بەغدایە و نوسینگەی هەیە لە هەر 18 پارێزگاکانی عێراق و نوسینگەیەکی هەڵبژاردنی هەرێمی لە کوردوستان و نوسینگەکانی هەڵبژاردنی ناوخۆ .

کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق بەرێوەدەچێت لەلایەن ئەنجومونی کۆمسیۆنەوە کە پێك هاتووە لە 9 ئەندام , ئەو 7 ئەندامانەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن کە مافی دەنگدانیان هەیە نوێنەری جۆراو جۆری کۆمەڵگای عێراقی ئەکەن ,بەلام دوو ئەندامەکەی کە مافی دەنگدانیان نی یە ,یەکەمیان شارەزای هەڵبژاردنی نێودەوڵەتی یە کە دامەزراوە لەلایەن ئەمینداری گشتی وولاتە یەکگرتووەکان , ودووەم یان سەرۆکی دەزگای هەڵبژاردنە کە دامەزراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە .ئەم ئەنجومەنەش کاری کۆتایی پێدێت لەگەڵ کۆتایی هاتنی قۆناغی گوێزانەوە لەکاتێکدا کە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵدەستێت بە دانەزراندنی حکومەتێکی تازە .

لەکاتی ئامادە کردنی کرداری دەنگدان لەسەر دەستوور کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق پشتی بەست بە رژێمی یانەسیب بۆ هەڵبژاردنی 220,000 فەرمانبەری هەڵبژاردن لە نێوان 400,000 .هەروەها هەستان بە دامەزراندنی 800 فەرمانبەری زیاتر بۆ پارێزگای ئەنبار بەهۆی بارودۆخی ئاسایشی کە تێدایە .زۆربەی ئەم فەرمانبەرانە کاریان کرد لە هەڵبژاردنی کانوونی یەکەمی 2005 دا .

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق یارمەتی دانێکی نێودەوڵەتی پێشکەشی کرا لەلایەن زیاتر لە 50 شارەزای وولاتە یەکگرتووەکان و یەکگرتووی ئەوروپی و رێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ رێکخستنی هەڵبژاردن .

لەکاتی هەڵسنگاندنی کاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق ,زۆر گرنگە نیشانە بکەین کە سێ کرداری هەڵبژاردن لە یەك ساڵدا بەدەست هێنانێکی زۆر گرنگە .تیمەکەش بینی ئەو کارەی کە ئەنجومەنی کۆمسیۆن پێ ی هەستا جێ ی رەزامەندی بوو .لێرەشدا پێویستە سوپاسی کۆمسیۆن بکرێت کە هەستان بەم کارانە لەژێر ئەو بارە سەختەی کە عێراقی تێدایە .تیمەکە لێرەدا تێبینی ئەکات کە هەستانی ئەندامەکانی ئەنجومەنی کۆمسیۆن بەم کارانە ژیانیان خستە مەترسی یەوە ,وهەروەها ژیانی خێزانەکانیشیان .بەڵام بەداخەوە ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی کۆمسیۆنی گۆرەپانی کارەکەیان بە شێوەیەکی ڕاست بەرێوە نەبرد .و لیستەکان وا پێشان دەدات کە ژمارەیەکی دیاری نەکراو لە 220 هەزار فەرمانبەرانی هەڵبژاردن سەر بە کۆمسیۆن تێکەڵ بوو لە کاری گومان لێکراو و نایاسایی دا .

بە پێ ی رێژەکانی دیموکراتی کۆمسیۆنی باڵا هەستا بە فەرمایشتەکانی تایبەت بە چاودێرە ناوخۆ یەکان و نێودەوڵەتی یەکان , و نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان و نوێنەرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ئاسان کردنی کارەکانیان .هەروەها کۆمسیۆنی باڵا رژێمێکی دانا بۆ وەرگرتنی سکالاکانی هەڵبژاردن ولێکۆڵینەوەی ,وهەروەها کۆمسیۆنی باڵا فەرمایشتی تایبەتی دانا بۆ دەست بەسەر گرتنی هەچ دەسکاری کردنێك هەبێت لە هەڵبژاردندا وهەر کردارێکی شێواندن .وەکو کردارەکانی پێداچونەوەی گۆرەپانی دوای هەڵبژاردن ,و کردارەکانی پشکنینی گۆرەپانی ,وکرداری پێداچونەوە لە رێگای کۆمپیوتەر بۆ کرداری جیاکردنەوەی دەنگەکان ,خستنە ناوەوەی ڕاستی یەزانستی یەکان لە بنکەی جیاکردنەوەی دەنگەکان ,وهەڵبژاردنی فەرمانبەرەکان لە رێگای یانەسیب .لەگەڵ گرنگی ئەم فەرمایشتی یانە ,بەڵام کاری نەئەکرد لە هەمانکاتدا وەکو پێویست .ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ لاوازی رێکخستن و تەقەنی کۆمسیۆنی باڵا.

## 7 .سکالاکان :

نزیکەی 2000 سکالا پێشکەش کرا کە تێیدا ڕائەگەیەنی بە بوونی لادانی جۆراوجۆر و لادان لە هەڵبژاردندا .ئەم لادانانەش وەکو پڕکردنی سنوقەکانی هەڵبژاردن ودزینی ,ودەست کاری کردنی لیستەکانی جیاکردنەوە ,وترساندن , وعەزیەت دان ,وکەم بوونەوە لە لیستەکانی دەنگدەران .وکەمی لە لاپەرەکانی دەنگدان ,ودەنگدانەوە لە جارێك زیاتر ,وهەڵس وکەوتی ناشرین لەلایەن پۆلیس و پاسەوانی نیشتیمانی عێراقی ,ودەنگدانی ئەندامەکانی ئاسایش کە دەنگیان دا لە رۆژی تایبەتی خۆیان جارێکی تر ,ورێز نەگرتن لە رۆژی بێ دەنگی. و بشکنین کرا لەلایەن کۆمسیۆنی باڵا لە زۆربەی سکالاکان کە لە بەشی ( سوور ) داندراوە کە کار دەکاتە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا ,بەڵام کۆمسیۆن جێ بی جێ کرد بەدانایی , وکاتی کە دەرکەوت کە فەرمانبەرەکانی کۆمسیۆن لایان داوە لە یاسای هەڵبژاردن کۆمسیۆن هەستا بە دانانی سزا وەکو پێ بژاردن و دەرکردنەوە لە کارکردن وبەتاڵ کردنەوەی ئەنجامەکان لە ژمارەیەك لە ویستگەکانی دەنگدان .

بەڵام کۆمسیۆنی باڵا سەرچاوەکانی تەقەنی و مرۆڤایەتی پێویستی نەبوو بۆ جێ بەجێ کردنی ژمارەیەکی زۆر لەم سکالایانە کە وەری گرتبوو وجێ بەجێ کردنی بە شێوەیەکی خێرا وریێك .وئەنجامی ئەمەش ئەوەبوو کە نەیتوانی کاربکات لەگەڵ ژمارەیەك لە سکاڵاکان بەشێوەیەکی ورد وپێویست.لێرەش گرنگە نیشانە بدەین کە یاسا دەق ئەکات بەتوانای ئیستئنافی بڕیارە کۆتایی یەکان کە دەرکراوە لە لایەن ئەنجومەنی کۆمسیۆنەوە لەبەر دەم دەزگای هەڵبژاردنی گوێزراوەی یاسایی کەپێك هاتووە لە سێ قازی, لەماوەی دوو ڕۆژ لە بەرواری بڵاو کردنەوەی بڕیارەکان .

زۆربەی سکاڵاکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چاوئەخاتە سەر جۆری لیستەکانی دەنگدەران .ئەم لیستانە پشتی بەست بە لیستەکانی کارتی بایعی کە باشترین سەرچاوەی زانیاری بوو لەو کاتەدا .بەڵام بۆ ئەم زانیاری یانەش ڕادەیەکی هەیە .لەگەڵ ئەوەی کەم وکوری لە سەرژمێری دانشتوان لە عێراق کارێکی تازە زانراوە ,لەگەڵ ئەوەی کە سەختی باری ئاسایس و لۆجیستی لەدانانی لیستە تازەکانی دەنگدەران لیستەکان ڕوون کراوە بوو , بەڵام پێویستە بەشێوەیەکی زیاتر کاربکرێت بۆ دانانی لیسەی زیاتر ورد و ڕوون ئەگەر بار ودۆخەکە ڕێ ی دا .

ئەو لادانە یاسایی یانەی کە رووی دا وای کرد کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق هەستێ بەلابردنی ئەنجامەکانی دەنگدان لە 227 سنوقی هەڵبژاردن لە کۆی نزیکەی 30000 سنوق ,ئەم کارەش وای کرد بە بەتاڵ کردنەوەی بەشێکی زۆر لە دەنگە شێواوەکان ,بەڵام لە هەمان کاتدا بوو بە هۆی بەتاڵ کردنەوەی ژمارەیەك لە دەنگەکانی عێراقی یەکانی کە بە شێوەیەکی ڕاست دەنگ یان دابوو .بەداخەوە کە هەستان بە لابردنی ئەنجامەکانی سنوقەکانی هەڵبژاردن بەبێ دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردن لەم ناوچانەدا ,لە ژێر سیبەری رژێمی هەڵبژاردن بشت دەبەستێ بەسەر نواندنی ڕێژەی لیستەکان کە جیاوازی هەیە لە ژمارەی دەنگەکانی کە پێویستە بۆ سەرکەوتن لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی تر و لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر .

پێویستە لەسەر یاسایەك کە بڕیاردەدات لە پاشە ڕۆژدا بۆ دانانی کۆمسیۆنێکی بەردەوامی سەربەخۆیی هەڵبژاردن لە عێراق ,کە ڕێگابدات بە کۆمسیۆن بۆ دووبارە کردنەوەی کرداری هەڵبژاردن و دیاری کردنی ئەم بارانە لە بنکەکانی کە شێواندن ولادانی تێدا بووە و کەکاری کرددووەتە سەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیار.

ئەتوانیت پێداچونەوەی شیکاری کردنی سکاڵاکان بکەیت لە پاشکۆی (د) دا.

## 8 .چاودێرەکان :

کرداری تۆمارکردنی زیاتر لە 20 ڕێکخراوی ناحکومی عێراقی وەکو گۆمەڵێکی چاودێری کردن وزیاتر لە 120000 چاودێری ناوخۆی باوەرپێکراو لە 18 پارێزگاکەدا بەدەست هێنانێکی گرنگ بوو .ئەم چاودێرانەش پاڵپێوەنەرێك بوون بۆ ڕوونی کرداری هەڵبژاردن ,هەروەها نزیکەی 800 چاودێری نێودەوڵەتی داواکران لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان و سەفارە بیانی یەکانی کە کاردەکەن لە عێراق .نەبوونی

ژمارەیەکی زیاتر لە چاودێرە نێودەوڵەتی یەکان بوو بە بارێکی تایبەت لەسەر شانی چاودێرە ناوخۆیەکان کە ئاواتیان ئەوەبوو کە پشتگیرێکی نێودەوڵەتی یان هەبێت .لەهەمان کاتدا کەمی چاودێری نێودەوڵەتی بوو بەهۆی نەهاتەنە دی ئاواتەکانی زۆربەی قەوارە سیاسی یەکان و کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق .ئەم بارە نا ئاسایشە کە ڕێ ی نەدا بە ئامادە بوونی نێودەوڵەتی یەکی زیاتر جێ ی داخبوو لەلای تیمەکە .

## 9 .ڕاسپاردەکان لەپێناوی هەڵبژاردنی پاشەڕۆژدا :

لەسر ڕووناکی ئەم تێبینی یانە ,تیمەکە ژمارەیەك لە ڕاسپاردەکان پێشکەش دەکات بۆ دەزگای کە سەرپەرشتی هەڵبژاردن دەکات لە پاشەڕۆژدا :

ئامادە کردنی لیستە تازەکانی دەنگدەران ئەگەر بارەکە ڕێ ی دا بەم کارە پێش کرداری هەڵبژاردنی داهاتوو و ڕێکخستنی ئەم لیستانە بەپێ ی ویستگەکانی دەنگدان.

پێداچونەوەی کارەکانی تایبەتە بە دەنگدانی ئەندامەکانی هێزەکانی ئاسایش بۆ نەهێشتنی دەنگدان زیاتر لە یەك جار.

پێداچونەوەی فۆرمی سکاڵا کە هەیە لە ویستگەکانی دەنگدان ڕۆژی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی ئەم کارە نەگەرێتەوە بۆ داواکردنی ئیمزای بەرپرسی ویستگەی دەنگدان یان بنکەی دەنگدان لەسەر سکاڵاکە .

ڕێدان بە نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان بە دەست کەوتنیان لەسەر چەند وێنەیەك یان کۆپی کاربۆنی لاپەرەکانی جیاکردنەوەی دەنگەکان یان هەر بەڵگەنامەیەکی تر کە ڕاستی ئەنجامەکانی جیاکردنەوەی دەنگەکانی تێدابێت .

پاڵپشتی توانای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق لە پشکنینی سکاڵاکان بەشێوەیەکی خێرا ورێك.

دانانی ڕێژەیەکی توندتر بۆ بڕواکردن لە لێکۆڵینەوەی سکاڵاکان ,وبڕیارەکانی تایبەت پێ ی .

زیاتر ڕوونی کرداری چارەسەر کردنی سکاڵاکان لەرێگای ئەوەی کە لیستەکانی سکاڵاکان بخرێتە ژێردەستی گومان کەرەکان ,وتاوان بارەکان ,وچاودێرەکان لە کاتێکی دیاری کراو .

دیاری کردنی کاتێکی کۆتایی بۆ جێ بەجێ کردنی سکاڵاکان ,وپێ ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان بە گۆمان کەرەکان وبڵاوکردنەوەی ئەنجامە سەرەکی یەکان و ئەنجامە کۆتایی یەکانی هەڵبژاردن .

دانانی یاسایەکی دیاری کراو بۆ پێبژاردن و سزاکانی تابەت بە هەموو لادانێك لە هەڵبژاردن کە یاسا دیاری دەکات .

## 10 .تێبینی یە کۆتایی یەکان :

عێراق بە قۆناغێکی سەختدا دەروات لە مێژویدا .ئەو کارەی کە پێویستە تێبینی بکرێت ئەوەیە لە ژێر سێبەری بڵاوبوونەوەی توندوتیژی دا ,توانی سێ کرداری هەڵبژاردن بکات لە یەك ساڵدا .و چاك کردنەوەی چوارچێوەی یاسا کرا بۆ هەڵبژاردنی 15 کانوونی یەکەمی ڕابردوو ,ودەزگاکانی کە سەرپەرشتی یان کرد و فەرمایشتەکانی تابەتە پێ ی بە پێی ڕێژەکانی نێودەوڵەتی .لەگەڵ ئەوەشدا کە قەوارە سیاسی یەکانی کە بەشداری یان کرد لە هەڵبژاردندا زیاتر جەماوەری عێراقی یان ئەنواند لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا .هەڵبژاردنی کانوونی یەکەمی ڕابردوو بەشداری کردن تێیدا فراوان تر بوو و ژمارەی دەنگدەرەکان زیاتر بوو .

لە کاتی هەڵسنگاندنی کاری بەرێوەبەرایەتی هەڵبژاردن ,زۆر گرنگە کە باسی بارودوخە بکرێت کە هەڵبژاردنەکەی تێدا کرا .توندوتیژی چەکداری بەر دەوام ,و ئاسایشی هەر هاوولاّتی یەك لە مەترسی دابوو بەبەردەوامی .زۆربەی لایەنەکان بەشداری یان کرد لەم بارودوخە توندوتیژەدا.

لەگەڵ ئەم هەموو بارودۆخانەدا ,بەرێوەبردنی کاری هەڵبژاردن وای کرد کە دەنگدان بکرێت و ڕێ ی دا بە جیاکردنەوەی دەنگەکان لە هەموو ناوچەکانی وولاّت لە یەك ڕۆژدا .لە وولاّتێك دا کە ژمارەیەکی کەم لە دەزگاکانی نیشتیمانی ئەتوانێت کار بکات , کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق سەرکەوتوبوو لە ڕێدان بە زۆربەی عێراقی یەکان بۆ دەنگدان ,ئەمەش دەسکەوتێکی زۆر سەرکەوتووە.

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق چەند فەرمایشتێکی دانا بۆ بەرەنگاری کردنی لادانەکان لە یاسای هەڵبژاردن .هەروەکو هەستا بەدانانی دەقی یاسایی ڕێ ئەدات بە نوێنەرانی قەوارە سیاسی یەکان و چاودێرەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ ئامادە بوونیان لە بنکەکانی دەنگدانەدا لە هەموو ناوچەکانی وولاّتدا .ورژێمێکی تایبەت بە سکاڵای دانا بۆ دابین کردنی چاودێری لەسەر پاکی هەڵبژاردن ,ئەمەش ڕێ ی دا بە بەتاڵ کردنەوەی ئەنجامەکانی دەیان لە سنوقەکان کە لادانی تێیدا کرا .هەروەکو کۆمسیۆن رژێمێکی ئەلکترۆنی دانا بۆ دەست بەسەر گرتنی کردارەکانی شێواندن ,تیمەکە بینی کە ئەم رژێمە لە زۆربەی کاتدا کاری کرد بەشێوەیەکی باش.وئەنجامی ئەم رژێمە وای کرد بەلابردنی نزیکەی نیوەی دەنگەکان کە بڕیاردرا بە لابردنی ولابردنی نیوەکەی تر بەپێ ی سکالاّکانی کە پێشکەش کرا بوو .

بەلاّم بوونی کەم وکوری لە بەرێوەبردنی کرداری هەڵبژاردن ,مەترسی ئاسایش بوو بەهۆی کردنەوەی ژمارەیەکی کەم لە بنکەکانی دەنگدان و دابەش کردنی بە شێوەیەکی نارێك لە هەندێ ناوچەکانی وولاّتدا .هەندی لە بنکەکان کەمی یان هەبوو لە لاپەرەکانی دەنگداندا ,هەروەکو هەندێ تەنگ وچەڵەمە هەبوو لە لیستەکانی دەنگداندا .وچەند کرداری لادان وشێواندن رووی دا ,وتۆمارکرا لە رژێمی سکالاّ لەلایەن کۆمسیۆنەوە .ولەوانەیە هەندی لەم لادانانە توانای دەست بەسەر گیراندنی نەبوو ,

لەگەڵ جیاوازی ئەم تەنگ وچەڵەمانە کە گفتوگۆی لەسەر کرا لەلایەن تیمەکەوە و کەپێشتر باسی کرا ,تیمەکە هیچ بەڵگەیەکی تەواوەتی تێبینی نەکرد کە کەم وکوری رووی داوە وکاری کردۆتە سەر کرداری هەڵبژاردن .

ئەنجامەکانی ئەم هەڵبژاردنە وای چەسپاند لە ناخی تیمەکەدا کە ئەم قۆناغە لە مێژوی عێراقدا پێویستی دەردەخات بۆ هەستانی یەکێتی یەکی نیشتیمانی ڕاستەقینە کە هەموو بەشەکانی جەماوەری عێراقی بنوێنێ بەبێ جیاوازی و لێك بوونەوە ,کە ئەم ناوەرۆکە رێگادانێکی ڕاستەقینە دەدات بۆ بەشداری کردن لە بڕیارەکانی تایبەت بە ئێستاوپاشەڕۆژی عێراق .

---

پاشکۆی أ : ئەندامەکانی تیمی هەڵسنگاندنی سەر بە نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ چاودێری هەڵبژاردنی عێراقی .

بەڕێز رافائێل لۆبیز – بینتو (ئیسپانیا 1942 ) ئەویش ڕاوێژکاری نێودەوڵەتی یە لە کاروباری سیاسی ,کە بڕوانامەی دوکتورای هەیە لە زانستی سیاسی لە زانکۆی کارولاینای باکور لە تشابل هیل ,و دوکتورا لە ماف داری لە زانکۆی Universidad Complutense of Madrid لە ئیسپانیا .مامۆستایك بوو لە زانکۆی مەدرید .و پێشتر کاری کردوە کە بەرێوەبەری کاری و باری هەڵبژاردن لە وڵاتە یککگرتووەکان لە وڵاتی سڤادۆر و موزەنبیق .وجێگای جێگری سەرۆکی دەزگای چاودێران لە نێردراوەکانی وڵاتە یککگرتووەکان بۆ چاودێری کردنی هەندی لە کردارەکانی هەڵبژاردندا لە چەند وڵاتێك وەکو غواتیمالا و ئەسیوبیا ,وهەروەها کاری کردوە وەکو ڕاوێژکارێك لە رێکخستنی هەڵبژاردن و چاودێری کردنی لە چەند وڵاتێك لە جیهاندا لەگەڵ ژمارەیەك لە رێکخراوەکان وەکو وڵاتە یککگرتووەکان ,یەکگرتووی ئەورووپی ,رێکخراوی ئاسایش و یارمەتی ( OSCE ) ,ریکخراوی ئەمریکی ( USAID ) ,دەزگای نێودەوڵەتی بۆ رژێمەکانی هەڵبژاردن ( IFES ) ,پەیمانی نێودەوڵەتی بۆ دیموکراتی و یارمەتی لە هەڵبژاردن ( IDEA ) ,و بڵاوکردنەکانی تازەی " دەزگاکانی بەرێوەبردنی هەڵبژاردن کە دەزگای حوکم " (نیوورك ,بڵاوکراوەی بەرنامەی وڵاتە یککگرتووەکان بۆ پەرەپێدان UNDP, 2000 ) .

بەڕێز فردریك تشارلز شافر ( ئەمریکا 1961 ) ئەویش مامۆستایە لە بواری خوێندنە گومەڵەیەتی یەکان لە زانکۆی هارفەرد وهەروەها زانایەکی بەشدارە لە بنکەی خوێندنە جیهانی یەکان لە پەیمانگای مساتشوستس بۆ تەکنەلۆجیا لە ئەمریکا .بڕوانامەی دکتورای بەدەست هێنا لە زانکۆی کالیفورنیا لە بیرکلی ساڵی 1994 ,وخوێندنی وەرگرتووە لە بەشی زانیاری یە سیاسی یەکان لە پەیمانگای مساتشوستس بۆ تەکنەلۆجیا و هەروەها ئەندامێك بوو لە پەیمانگای خوێندنە پێشکەوتوو لە برنستۆن .ئەویش تایبەتە بە خوێندنەوەی بەرێوەبردنی هەڵبژاردن وشێواندنی هەڵبژاردن وهەروەها ئەندامێك بوو لە تیمی نێردراوی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی کە کاری کرد بە هەڵسنگاندنی هەڵبژاردنی عێراقی لە مانگی کانوونی دووەم و لە دەنگدانی دەستوور لە مانگە تشرینی یەکەم .

بەڕێز دوغلاس رۆلاند (کەنەدا 1940) ئەندامێکی پێشوو لە پەرلەمانی کەنەدی یە و ئێستا سەرۆکی یەکگرتووی کەنەدی بۆ پەرلەمانی یەکانی پێشوو .ورێکخەرێك بوو بۆ کارەکانی سیاسی ,وگەورەی فەرمانبەرانی سەرۆکی حیزبەکان لەسەر رێژەی ناوخۆ و فیدڕاڵی وهەروەها سەرۆکی وەزیران لە لە هەرێمی ناوخۆ. هەروەکو کاری کردوە لە ئەنجومەنی وەزیران لە حکومەتی کەنەدی و حکومەتی مانیتوبا .و بەڕێز رولاند شارەزا بوو لە کاری دیموکراتی و چاودێری کردنی هەڵبژاردن لە رێژەی نێودەوڵەتی .وکاری کرد لە مەغرب بۆ ماوەی نۆ مانگ لە یارمەتی دان لە دامەزراندنی دەزگایەکی ناوخۆ بۆ چاودێری هەڵبژاردنی 2002 .

بەڕێز عەلی جاروش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی عەرەبی لە زانکۆی وولآتە عەرەبی یەکان لە ساڵی 2001 دا .و ئەویش بەرپرسە لەسەر بەدواچوونی بابەتی عێراق لە زانکۆی عەرەبی .هەروەها بەرپرسە لەسەر گونجاندنی کردارەکانی هەڵبژاردن لە وولآتە عەرەبی یەکان . بەڕێز

عەلی جاروش لیسانسی زانستی دەروونی بەدەست هێنا لە زانکۆی عین شەمس لە قاهیرە و کۆتایی هێنا بە خوێندنی بەرز لە خوێندنی ئیسلامی لە زانکۆی قاهیرە . بەڕێز عەلی جاروش شارەزایە لە کاروباری عەرەبی .کاری دەست پێ کرد لە زانکۆی عەرەبی لەساڵی 1976 دا .وزۆربەی ڕاپۆتی بلآوکرد بەتایبەتی کاری عەرەبی .

بەڕێز دسوقی سەروەت ئەبازە دەرچووە لە کۆلیژی حقوق لە زانکۆی قاهیرە لەساڵی 1981 دا .دوایی لە نیابەی گشتی دامەزرا لە ساڵی 1982 دا.و پەیوەندی کرد بە بنکەی نیشتیمانی بۆ خوێندنی یاسایی ساڵی 1982 و پلەی 94٪ بەدەست هێنا کە یەکەم بوو لەسەر (274 نوێنەر) .دوای ئەوە نێردرا بۆ قوتابخانەی یاسایی لە بوردو – فەرەنسا بۆ ماوەی شەش مانگ و کاتی گەرانەوەی دامەزرا لە نیابەی گشتی لە ساڵی 83 تا ئوکتوبەری 1988 .هەروەها نێردرا بۆ کارکردن لە بنکەی یاسای بازرگانی نێودەوڵەتی لە قاهیرە لە ساڵی 1988 .هەروەها داندرا بە قازی لە ساڵی 1988 هەتا ساڵی 1993 .دوای ئەوە دامەزرا لە زانکۆی وولآتە عەرەبی یەکان لە ساڵی 1993 لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی یاسایی و ئەندامێکی هونەری لە ئەنجومەنی وەزیرانی یاسای عەرەب.دوای ئەوە کاری کرد لە نێردراوی زانکۆی عەرەبی لە سویسرا – جنیڤ لەساڵی 94 تا ساڵی 96 . لە ساڵی 2004 بەرزکرا بۆ پلەی ڕاوێژکار وبوو بە بەڕێوەبەر بۆ بەڕێوەبردنی پەرەپێدانی کاری عەرەبی .هەروەکو بەشداری کرد لە چاودێری کردن لەسەر زۆربەی هەڵبژاردنەکان کە رووی دا لە وولآتە عەرەبی یەکان وەکو شارەزا و ڕاوێژکاری یاسایی .

بەڕێز مازن شوعیب بەڕێوەبەری کردارەکانی لیژنەی نێودەوڵەتی بۆ هەڵبژاردنی عێراقی .کاردەکات وەکو بەڕێوبەری کارگێری لە ئەنجومەنی نیشتیمانی لە بەیوەندی کەنەدی – عەرەبی . بەڕێز مازن شوعیب وانە ئەدات لە سیاسەتی کەنەدای دەرەوە و بابەتەکانی کە پەیوەندی هەیە بە ناوچەی عەرەبی لە زانکۆکانی کەنەدا .هەروەها کاردەکات وەکو ڕاوێژکارێك لە بنکەی پەرلەمانی کەنەدی و هەڵدەستێت بە ئامادەکردن و سازدانی بەرنامەکان لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا بە یارمەتی دان لەگەڵ دەزگا جیهانی یەکان . بەڕێز مازن شوعیب بەشداری دەکات لەزۆربەی کۆنگرەکاندا لەم وولآتەنەدا وەکو کۆنگرەی کۆبونەوەی پەرلەمانە عەرەبەکان لە سوریا . بەڕێز مازن شوعیب بەشداری دەکات لە زۆربەی زۆری زانکۆی کەنەدا و جیهانی وەکو کۆنگرەی هەشت وولآتە کارکەرەکانی بۆ پاشەڕۆژی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستدا کەدەرچووە لە نیورك لە ساڵی 2004 .هەروەها کاردەکات وەکو ڕاوێژکارێك بۆ زۆربەی وەزیرەکان و نوێنەرەکان و دەزگا ئەهلی یەکان لە کەنەدا و جیهانی عەرەبی . بەڕێز مازن شوعیب بەشداری کرد وەکو چاودێرێك لە لایەن نێردراوی کەنەدی سەربەخۆیی بۆ چاودێری کردنی هەڵبژاردنی لوبنانی کە کرا لە ساڵی 2005 .

پاشکۆی ب : کەسەکان و رێکخراوەکان کە تیمەکە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردن .

| قەوارە سیاسی یەکان | | |
|---|---|---|
| ژمارەی قەوارە | قەوارەی سیاسی | نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان |
| 619 | بەرەی وفاقی عێراقی | عەدنان دولەیمی |
| | | د.نەسیر عانی |
| | | مەئمون دووری |
| | | بەهاء الدین نەقشەبەندی |
| | | حەسەن بەزاز |
| 667 | بەرەی نیشتیمانی عێراقی | صالح المطلق |
| 731 | لیستی الوفاق الوطني العراقية/علاوي | د. مهدي الحافظ |
| | | جاسم الحلفي |
| | | صفية السهيل |
| | | لؤي السعيدي |
| | | محمد الجنابي |
| 555 | ئیتیلافی عێراقی یەکگرتوو | د. حسين الشهرستاني |
| | | نوري المالكي |
| | | صباح الموسوي |
| | | رياض غريب |
| 541 | کۆمەڵەی پاشەڕۆژی عێراقی | منتصر الامارة |
| 569 | ئیتلافی کۆنگرەی نیشتیمانی | صادق الموسوي |
| | | سلامة الخفاجي |
| | | صفاء الدين العبيدي |
| | | جواد بولاني |
| 730 | لیستی هاوپەیمانی کوردوستانی | السيد هوشار زيباري |
| | | فوزي حريري |
| 630 | بەرەی تورکومانی عێراقی | سعد الدين محمد أمين أركيج |
| | | ابراهيم العوشي |
| | | د. هجران محمود |
| | | جودت زلال |
| 740 | لیستی رافدین | يونادیم قنّه |
| | | وليام وردان |
| 673 | ئیتلافی داد | الشيخ أسامة جدعان |
| 822 | حزب الله عیراقی | سالم محسن الخفاجي |
| | | أحمد قاسم |
| | | فاضل كاظم |
| 711 | بزوتنەوەی جەماوەری نیشتیمانی دیمەکراتی / حشود | حمد تركي |

| | | |
|---|---|---|
| | کۆمەڵەی مرام القانونیە | |
| | ڕێکخراوەکانی گۆمەڵگای مەدەنی | |
| | تۆری زانیاری یەکانی هەڵبژاردنی عێراقی | |
| | ڕێکخراوی تەموز بۆ پەرەپێدانی کۆمەلآیەتی | |
| | پەیمانگای نیشتیمانی دیموکراتی | |
| | دەزگای ئاشتی | |
| | کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق – تیمی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتی لە هەڵبژاردنی عێراقی | |
| | کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق – ئەنجومەنی کۆمسیۆن | |
| | **عايدة الصاليحي** | |
| | **حمدية الحسيني** | |
| | **عادل اللامي - مدير الإدارة الانتخابية** | |
| | **د. حسين الهنداوي** | |
| | **سعاد الجبوري** | |
| | **صفوت رشيد صدقي** | |
| | **كريغ جينيس** | |
| | | |
| | تیمی نێودەوڵەتی بۆ یارمەتی لە هەڵبژاردن وتیمی کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق کە کاردەکات لە : | |
| | دەزگای یاسایی | |
| | نوسینگەی سکالآ | |
| | دەزگای کردارەکان | |
| | تیمەکانی پێداچونەوە | |
| | دەزگای فەرمایشتی یەکان | |
| | دەزگای داپۆشینی گشتی | |
| | بنکەی جیاکردنەوە | |
| | دەزگای لۆجیستی | |

**پاشکۆی ج : ڕێژەکانی دیمۆکراتی تازە.**

**ڕێژەکانی دیمۆکراتی دامەزرا بەپێ ی پەیمانەکانی نێودەوڵەتی لەکەڵ ئامۆژگاری یە گشتی یەکانی باوەر پێکراو لەلایەن کۆمەڵەکانی نێودەوڵەتی کە پێك هاتووە لە چەند ڕێکخراوێك وچەند ئەندامێك کە هەڵدەستن بە چاودێری کردنی هەڵبژاردن ,وەکو وولآتە یەکگرتووەکان ویەکگرتووی ئەوروپی ,ڕێکخراوی ئاسایش ویارمەتی دان لە ئەوروپا ,پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ دیموکراتی یەت و یارمەتی دانی هەڵبژاردن (IDEA ) ,یەکگرتووی پەرلەمانی .هەروەها ئامێرە یاسایی یەکانی کە پەیوەندی یان هەیە بریتی یە لە : بلآوکراوەی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ کەدەرچووە لەساڵی 1948 ,کە دەقی 21 لەم یاسایە "1 هەموو مرۆڤێك مافی بەشداری کردنی هەیە لە حکومەتی وولآتەکەی دا ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای نوێنەری هەڵبژێراو بەسەربەستی ,2 هەموو کەسێك مافی هەیە کە خزمەت گوزاری گشتی پێشکش بکرێت بەشێوەیەکی**

یەکسان لە وولاتەکەی دا,3 هەڵبژاردنی میللەت ئەبێتە بناغەی دەسەڵاتی هەر حومەتێك ,دەربرینی ئەم کارەش لەرێگای هەڵبژاردنی بەدوای یەك ڕاستەقینە هەڵەستی لەسەر هەڵبژاردنێکی تەواوەتی و یەکسانی وپشت دەبەستێ بە هەڵبژاردنێکی نهێنی یان فەرمایشتەکانی یەکسانی بۆ دەنگدانێکی سەربەست "پەیمانەکانی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سەربەستی یەکانی مەدەنی و سیاسی کە بەسترا لە ساڵی 1966 مافی هەڵبژاردن لە دەقی مادەی 25 کە دەڵێت "هەموو هاولاتی یەك مافی هەیە ودەرفەتی هەیە بەبێ هیچ جیاوازی یەك کە لەدەقی مادەی ژمارە 2 دایە وبەبێ هیچ ڕێگرێك لە أ "( بەشداری کردن لە بەرێوەبردنی کاروباری گشتی ,ڕاستەوخۆ یان لە رێگای نوێنەری هەڵبژێراو بەسەربەستی , ب ) وهەڵبژێردرێت لە هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە وتەواوەتی کە هەڵدەستی بەپێ ی هەڵبژاردنی یەکسانی و نهێنی ,بەشێوەیەکی کە ناوەرۆکەکەی دەربرینێکی سەربەست دەربخات لە لایەن دەنگدەر , ج .مافی دەسکەوتنی یەکسانی بەپێ ی دەقی گشتی ,بۆ خزمەت گوزاری یە گشتی لە وولاتەکەی دا " .لە ناوەرۆکی سستەمی وولاتە یەکگرووەکان پەیمانی مافی سیاسی ئافرەت هەیە کە بەسترا لە ساڵی 1952 ,وپەیمانی لابردنی هەموو شێوەکانی جیاوازی لە مافی ئافرەتاندا کە بەسترا لە ساڵی 1979 ,وبریاری کۆمەڵەی گشتی کە دەرجووە لە 17 کانوونی یەکەمی 1991 سەبارەت بە کاری هەڵبژاردنی دوابەدوا ڕاستەقینە ,بەڵام سەبارەت بە جاودێرکردنی هەڵبژاردن مادەی ژمارە 25 لە پەیمانی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سەربەستی یە مەدەنی یەکان و سیاسی یەکان دادەندرێت بە ریگادانەرێك بۆ چاودێری کردنی کرداری هەڵبژاردن.لەسەر ڕادەی هەرێمی ,پەیمانی ئەورووپی بۆ مافی مرۆڤ هەیە کە بەستراوە لە ساڵی 1950 دا و بروانامەی کۆبنهاگن کە دەرچووە لە رێکخراوی ئاسایش وبەشداری کردن لە ئەورووپا لە ساڵی 1990 دا ,وبلاوکراوەی ئەمریکی بۆ ماف وئەرکەکانی مرۆڤ کە دەرچووە لە ساڵی 1948 دا و پەیمانی ئەمریکی بۆ مافی مروڤ کە بەسترا لە ساڵی 1969 دا ,ویاسای ئەفریقی بۆ مافی مرۆڤ ومیللەت کە دەرچووە لە ساڵی 1981 دا ,وبڵاوکراوەی یەکگرتووی پەرلەمانی سەبارەت بە رێژەکان وفەرمایشتەکانی هەڵبژاردن سەربەست وبێ لایەن کە دەرچووە لەساڵی 1994 دا,وبڵاوکراوەی هەراری کە دەرچووە لە کۆمەنوێلسی بەریتانیدا لە ساڵی 1991 دا .لەگەڵ ئامێرە یاسایی نێودەوڵەتی یەکاندا ,لەگەڵ ئەوەشدا رێکخراوە نێودەوڵەتی یەکان وەکو وولاتە یەکگرتووەکان و رێکخراوی ئاسایش وبەشداری کردن لە ئەورووپا و پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ دیموکراتی یەت ویارمەتی دانی هەڵبژاردن (IDEA ),ویەکگرتووی پەرلەمانی ,وکۆمەڵێك لە ئائمۆژگاری یەکان سەبارەت بە بەرێوەبردنی هەڵبژاردنی تازە.

باشکۆی د: بریتی یە لە قەوارەی یاسایی کە پەیوەندی هەیە وکەکاری کردلەسەر هەڵبژاردنی کانوونی رابردوو ئەم یاسانەی خوارەوە:

**یاساکان**

- یاسای بەرێوەبردنی وولاتی عێراق بۆ قۆناغی گوێزراوە.
- دەستووری کۆماری عێراق (تشرینی یەکەمی 2005 ).
- بریاری دەسەڵاتی ئیتلافی کاتی ژمارە 92 – کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق,دەقی ژمارە 7 (13 ئەیاری 2004 ).
- پرۆژەی یاسای هەڵبژاردن (12 ئەیلولی 2005 ).
- بریاری دەسەڵاتی ئیتلافی کاتی ژمارە 97 – یاسای حیزبەکان و قەوارە سیاسی یەکان (7 حوزەیرانی 2004 )

**سیستمەکان**

- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 01 \ 2004 – فەرمایشتەکانی ئەنجومەنی کۆمسیۆن – دەقی ژمارە 8
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 09 \ 2004 – گەشتەکانی هەلچبژاردن

- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 11 \ 2004 – دەزگاکانی ڕاگەیاندن .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 12 \ 2004 – لادانی هەڵبژاردن .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 1 \ 2005 – تازەکردنەوەی لیستەکانی دەنگدەران .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 2 \ 2005 – چاودێرەکانی دەنگدان و هەڵبژاردن .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 3 \ 2005 – نوێنەری قەوارە سیاسی یەکان .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 4 \ 2005 – پیشاندانی لیستەی دەنگدەران .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 5 \ 2005 – بڕیاردان لە سکاڵاکانی دەنگدان و هەڵبژاردن .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 6 \ 2005 – بڕواکردن بە قەوارە سیاسی یەکان .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 7 \ 2005 – دەنگدان وجیا کردنەوەی دەنگەکان .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 8 \ 2005 – گەشتی هەڵبژاردن .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 13 \ 2005 – دابەش کردنی شوێنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران .
- سیستمی کۆمسیۆنی باڵا ژمارە 14 \ 2005 – دابەش کردنی شوێنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران .
- پاشکۆی کۆمسیۆنی باڵا تایبەت بە چاودێرەکان .
- ئامۆژگاری یە گشتی یەکان تایبەت بە میوانی بنکەکان ودابەش کردنی دەنگەکان تایبەت بە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن لە عێراق .

**فەرمایشتەکان**

- فەرمایشتەکانی پیشاندان و ڕەخنەکرتن لە قۆناغی دەنگدان (8 ئاب 2005 )
- فەرمایشتەکانی دان پیانان لە سەر قەوارە سیاسی یەکان و ئیتلافەکان (28 ئاب 2005 )
- فەرمایشتەکانی دەنگدان و ژماردنی دەنگەکان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران (12 تشرینی دووەمی 2005 )
- فەرمایشتەکانی تایبەت دەنگدانی بنکەکانی زندانەکان و نەخۆشخانەکان (16 تشرینی دووەمی 2005 )

**یاساکانی ڕەوشت**

- یاساکانی ڕەوشتی چاودێرەکانی دەنگدان و هەڵبژاردن
- یاساکانی ڕەوشتی قەوارە سیاسی یەکان و ئیتلافەکان \ 2005
- پەیکەری نیشتیمانی بۆ پەیوەندی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن – یاساکانی ڕەوشت بۆ ئەندامەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی هەڵبژاردندا.